# فەرهەنگ و وۆرد و کی بۆرد

## رەخنەو پێشنیار

سەباح یاسین

**پێشەکی**

نووسەرانی خەتی بزماری بیریان لەوە نەدەکردەوە، کاتێك بە بەرد لەسەر بەرد نووسینیان، ئەلف و بایا نووسینەکانیان بە میرات بۆ مرۆڤایەتی دەمێنێتەوە. ئەو ئەلف و بایەیی کە ئەمڕۆ ئیمە بەکاریی ئەبەیەن بۆ لەودەمە هاتەوە کە لەسەر بەرد هەڵکەنراوە. تەنانەت چەمکی "لەبەرد هەنکەڵنراو" کە ئەمڕۆ وەك تێرمێکی یاسایی لە خۆرئاوە بەکار دەبرێت لەو دەمەوە ماوەتەوە و تا ئیستا لەمەبەستی دەستور نووسیندا مامەڵەیی پێدەکرێت.

شەرەفخانی بەدلیسیش ماڵئاوایی لە دەستەڵات کرد و بیری لە نووسینەوەی مێژووی کورد کردەوە. سپیی تامە وشەیەکی ئاویستایی کە مانایی ناوی خودا دەدا هەر بەتوانایی نووسین مایەوە و ئیلهامی بە مەسیح دا کە دوایی هەزارو پینجسەد بڵێت: لەسەرتادا وشە هەبوو وشە خودا بوو. خوا بە پێغمەر دەلێت: (اقراء بسم ربك...). بەڵام داگیرکەرانی کوردستان بیّ لەکاولکردنی شارستانیەتی لە رابردودا تا ئیستا نووسینی وشەی کورد و کوردستانی لیقەدەخەدەکرێت تا بە زەلیلی بمێنێتەوە. زمانی کوردیش وەك زۆربەی زمانەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، رابردویەکی سەرفرازی و تێشکاوی خۆی هەیە و بە هەنگڵەشەلیّ تا هەنووکە هاتووە، دیارە بەرەو رابردویەکی نادیار تا بکرێت ئەوا بۆ نموونە: بە بڕوایی من وشەی ئاوەدانکار و ئاوەدانی لە رابردویی شارستانیەتی کوردیدا مانایای شار_دەوڵەتی گەیاندوە کە بەرامبەر بە وشەیی پۆلسی یونانی. بەڵام بە هەڵە یان لە ژێرکاریگەریی کاولبوونی شارستانی لە رابردوودا لەو جیّ چەمکی ئاوەدانکاریی وشەی رامیاریی بەکارهێنراوە. وشەیی رامیاریش بی لەبێمانایی وشەیەکی داتاشراوە و لەگەڵ رۆژگاریشدا مانایی هەڵخەلتان دەگەیەنێت لە جی ئەوەیی باس لە بیر ئاوەدانکاریی بکات. لەگەل ئەوشدا وشەیی ئاو لە وشەیی ئایا کەخواندێکی سەمەر بووە وەرگیراوە تا ئەمڕو بەردەوامە.

هەروەها وشەکانی " میر و مسکێن و ئورد" کە تا ئیستاش لە زمانی کوردیدا بەکاردەبرێن دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی سۆمەرەکان، کە خەتی بزماریان داهێناوە، ئەو سیّ وشەیەش تا ئیستا لە زاراوەی کرمانجی سەرودا بەکاردەبرێن، تا رادەیەکیش رەنگدانەوەی باری چینایەتی یەزیدیەکاندا بەیاندەکات. بوونی ئەو وشانە کە ماون ناراستەوخۆ باس لە رابردویکی شێوادەکەن و لەهەمانکادا باس لە زمانێك دەکەن کە تا ئەمڕو بەکاریان دەبات.

بوونی فەرهەنگ و وۆرد و کیبۆردێکی رابردو زیندو ناکاتەوە بەڵام داینامیکی بەردەوامی شارستانیە و ژیان دەکاتە بەرپرسیارك هەر وەك چووّن ژیان هاتووە بە جورێك رێگەی بەردوام بوونی بۆ خۆشکرێت لە رێگەیی بە ئاگاهاتنەوە لە بوونی وەك بەردەامێك کە رابردوەیی هەیە. کە هاندەری بو دەچوونی مرۆڤی کورد لەو بونە پاسیڤەیی بەروە ئەکتێڤ بوون

لەئەنجامی ئەو بیر و بۆچونانەوە، پێشنیاری دارشتنی فەرهەنگ و وۆرد و کیبۆردی کوردیمان بۆ بەڕێز، کاك مەسعود بەرزانی کرد، تا دەرگایەك بۆ وشەی کوردی فراوا لەبەر دەمی نووسنی کوردییدا بکرێتەوە. چونکە نەتەوەیەك کە فەرهەنگی زمانی خۆی نەبێت، ئاستەمە بتوانێ خۆی پێناسە بکات. من لە ئاستی بێتوانایی دەربڕینی خۆمەوە، ئەو راستیە بەڵگە نەویستە دەزانم کە مرۆڤی ئێمە بەشیك لە لاواز بوونی بۆ ئەو بێ بەشبوونە لە نووسین دەگەرێتەوە. جا ئەوەیی لەلایی تاکێك کورد ئاشکرایە لاوزیە نووسینە و لاوازیش نووسینش بەشێکی پابەند بەرابردوی نوشوستی خۆیەوە و بەشێکی تێکشکانی دەرکی خولقاندویەتی. کورد گەرچی لەرووی بەرگریەوە تا ئیستا بەردوامە بەڵام لەمڕودا کە شانسیکی ئاوەدانی بۆ خولقاوە زمانەکەیی دەبوو مەبەستێکی بەرچاویی لێدوانی پەرلەمان کوردی و رۆشنبیران بووبایە. من ئەوەندیی لە هەرجێگەیەك بووبم خۆ بەخۆ خزمەتم بە مرۆڤی کورد و مەسەلەکەیی کردوە، بەڵام ئەو بۆدجە و پارەیەم نیە کە لە ئاستی پڕۆژەیەی فەرهەنگی کوردی دارشتندا بێت. هەروەها بەرپرسیارێتی نەتەوەکەشم لە ئەستۆ نەگرتووە وەك ئەوکەسانەی کە باس لە بەریوە بردنی کوردوستان دەکەن بەڵام زیاتر گێرفا پردەکەن. دەشزانم کە کورد بەگشتی، پێوستی بە ستاندارێکی نووسین هەیە.

بەهەرحاڵ، کاك مەسعود، خۆشبەختانە داوای زانیاری زیاتری لەسەر پێشنیارەکەم لێکردم. منیش بە کورتی و کوردی فەرهەنگی ئۆکسفوردی ئینگلیزی وەك شێوازیك لە داڕشتنی فەرهەنگ پیشچاوخست، کە دەکرێت لە لە ڕووی داڕشتنەوە لەبەرچاوبگیرێت. هەروەها بۆ چارەسەری کێشەی گرامەر و هەلەیی حونجەو نووسی. بیر لە شێوازێك وۆدی مایکرۆسوٚف ئینگلێزی بکرێتەوە وەك چارەسەریٚ کێشی بیٚ ستانداریی نووسین.

بە کورتی زانیاریەکان پێشنیاربك لەم جۆرەرەم ساڵی پار بۆ کاك مەسعودم ناردووە. بەڵام، مەخابن کە تا ئیستا بەڕێزیان بێدەنگی لێکردووە. جا نازانم کاربەدەستانی نووسینکەیان لا چاك نەبووە، یان بیرەکەی من کەموکوڕی هەبووە. دیارە کارێکی ئاوا لەمرۆدا، بە تەرخانکردنی پارە و بۆدجەیەکی تایبەتی و کارگێڕی شارەزا کە خۆشەویستی بۆ وشە دەبرین هەبێت، دەکرێت. منیش بۆ خۆم، تا ئەو جێیەی بکرێت ئامادەم بەخۆبەختانە لەو پرۆژەیەدا کارەبکەم و پەیوەندیەکانی ئەورپاش و پرۆگرامەکەیە پەیداکردنەوە بەستەنەوەی بە کاریی داتابەیسەوە کە لە کوردستان دەکرێت رێکخرێت، ئامادەم هاریکاریی بکەم.

لێرەدا کە ئەمە بڵاودەکەمەوە بەو هیوایەی خوینەر و نووسەری کورد هاودەنگییان هەبێت لە گەڵمادا، تا سەرکردایەتی کورد بەلایەنی کەمەوە ئەم کارە بەئەنجام بگەیەن و بۆ ناو ئینتەرنێت ئامادەی بکەن.

لەمڕودا دارشتنی فەرهەنگێکی کوردی بە کوردی بە هەردوو ئەلفەبێتی عارەبی و لاتینی و دوو دەنگی زاراوی کرمانجی سەرو و خوارو ئاسان دەکرێت و کردنی دەرگایەك بابلوێنانەیە بۆ گەرانەوە هاوسەنگی نووسین و بیرکردنەوە بەهیوا لە خۆ و لەدونیا گەیشتن.

ئەم خاڵانەش لای خوارەوەش، هەندی روونکردنەوەیەکە بۆ هەرکەسێك کە بیر لەتەکنیکی فەرهەگی کوردی بکاتەوە.

- A

1. فەرهەنگەکە دەتوانرێت وشە بەرامبەر وشەی زاراوە جیاجیاکان لە خۆبگرێت و بە گوێرەی پێوست بە رستە مانای وشەکان روونکرێتەوە. رستەکان دەتوانرێت لە پەندی پێشینان و رستەی خواستراو لە شیعر و نوسینی ئەو شاعیر و نوسەرانە پێکبهێنرێت، کە خزمەتیان بە وشەی کوردی کردووە.
2. کەڵك وەرگرتن لەو فەرهەنگ کوردیان کە ئەمڕۆ لە بازاڕ وماڵپەرە کوردیەکاندا هەیە.
3. کۆمەڵێك مرۆڤی شارەزا و زمانزان هەن لە زمانی نوسینی سەردەمدا کوردی بە ئاگان، کە دەکرێ کەڵك لە شارەزاییان وەرگیرێت، لە رووی نووسین و دارشتن و وشە رێکخستنەوە.
4. قوتابی و ماموستایانی بەشی زمانی کوردی لە زانکۆکاندا، دەکرێت بەکرێبگیرێن و فەرمانی رێکخستنی زاراوەکان بەگوێرەی ئەلف و بێ بەسەریاندا دابەشکرێت.
5. هەندێ شێوازی دارشتنی قاموس نوسینی کوردی لە ئینتەرنێتدا هەیە کە دەکرێت پەیوەندیان لەگەڵ ببەسترێت تا سود لەئەزموونی دارشتنییان وەرگیرێت، یان لە پرۆژەکەدا بەشدارکرێن.
6. کۆمەڵێ نوسەری نوێ هەیە کە هوشیارانە بیر لە بەکاربردنی وشە دەکەنەوە و توانا و رێبازی دەربڕینی داهێنەرانەیان هەیە، دەکرێت بەشدارکرێن یان راوێژیان پێبکرێت.
7. چەند دەنگ خوشێکی کوڕ و کچ بە زاراوی کرمانجی خوارو و سەرو، ئاوازی دەنگی وشەکانی فەرهەنگە تۆمار بکەن.
8. وشەکان سەر بە چ زاراوەیەك، یان زمانێك بن، لە نوسینەوەی فەرهەنگەکەدا دیاری بکرێت.
9. پرۆگرامەکە بە شیوازێکی ئەوتوانێت بە گوێرە دارشتنی فەرهەنگی ئوکسفۆرد داتا بەیس دارێژرێت، و داتا بەیسە دەکرێت فلێکسەبڵبیت تا بتوانرێت بەردوان گۆران لە فەرهەنگەدا بکرێت.

- **B** پرۆگرامەر، ۆردەکە بە فەرهەنگەکە و کیبۆر بەیەکەوە دەبەستێتەو تێهەڵکێش دەکات تا لەبواری جاکردی حونجەکاریدا هەروەك ۆردی مایکرۆسۆفت هەلەیی حونجەیی وشە، وشەی ئەڵتەرنەتف و هەڵەیی گراما نیشانبدا تا نووسەر بتوانێت بە گۆیر ستانداریی نووسین هەڵەکانی نووسینەکەی چاك بکات.
- **C** کیبۆردی ئینگیزی کە لەسەر بنچینەی دەپەنچە لەجێی کیبوردی عارەبی کە لەسەر بنچینە حروفی ئەبجەدیی دامەزراو هاوشان بە کاروکاردانەوەی دماخ بوو تیژ نووسین.